www.kurdistannet.org
3-8-2007 22:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**پیاوێک لە ئاوریشم .. (بۆ مستەفا گەرمیانی و.. هەموو دەی چوارێک) ... مەهاباد قەرەداغی**

((ئەم شیعرە لە دیوانی "هێشووی عەشق" دا هەیە کە سێ ساڵ لەمەوبەر لە دەزگای ئاراس چاپ و بڵاوبووەتەوە. پێشکەشم کردووە بە مستەفا گەرمیانی و هەموو 4 -10 یێک. دەی چوار بۆ من و مستەفا گەرمیانی ڕێکەوتێکە عەشق و نیشتیمانی تێدا کۆبوەتەوە. لە دەی چواری ساڵی 1980 پەیمانی خۆشەویستیمان بەست و لە دەی چواری 2003 شاری کەرکووک ئازادکرا و من و ئەو پێکەوە لە ستۆکهۆڵم فرمێسکی شادیمان بۆ ئازادکردنی کەرکووک هەڵوەراند. شیعرەکە ڕێک وەکو خۆی و دووبارە پێشکەش بێت بە شەهیدی کەرکووک مستەفا گەرمیانی، کە هەر بە هەمان عەشقەوە لە 16-7-2007 بە پێوە و بەسەربڵندییەوە گیانی شیرینی بە کەرکووک و کوردستان بەخشی و "شاکار"ێکی هەشت ساڵی و شانازییەکی مەزن و ملیۆنەها یادگاری بۆ من بەجێهێشت. ))

***

کە تۆ لە دایک بووی.. من هێشتا نەبووبووم،
بەڵام ئەو گەردیلانەی دواتر بوون بە نوتفەی پێکهێنانی من
لە کۆڵانەکانی کەرکووکدا بۆ تۆ دەگەڕان!
تۆ پێنج ساڵ بوو کوڕێکی هاری ئاقڵ بوویت و،
کە پەنجەت بەر گەردیلەکانی ئەو پەپوولەیە دەکەوت،
موچوڕکێک ڕایدەچەناندی!
گەردیلەکانیش سەرپەنجەکانیان ماچ دەکردی!
کە من لە دایک بووم،
تۆ ئەستێرەکانی پێنج هاوینت ژماردبوو،
گەڵاکانی پێنج پاییزت لە توورەکەی ڕۆژگار نابوو،
ڕاوەدووی پەپوولەکانی پێنج بەهار کەوتبووی و،
لە ناو ئەوانەدا تەنها گەردیلەکانی پەپولەی ڕۆحی منت لە ئامێز نابوو!
لەبەربارانی پێنج زستانی کورکووکدا باوەگوڕگوڕت کردبوو بە چەتر!
کە من لە دایک بووم،
دوو ئەستێرە لەوانەی کە پرشنگدارترینی ناو هەموویان بوون،
دەمیان لەناو دەمی یەکتر نابوو، هەر دەتگووت یەک ئەستێرەن!
دەی چواری هەشتای سەدەی ڕابردوو..
درەوشانەوەی یاقووتی ئەموستیلەی تەمەن
لە تاریکیدا تۆی نیشان دام و منی نیشاندایت!
کە دیتمی، پزیسکێکی باوەگوڕگوڕ لە چاوەکانتەوە هەڵایسابوو!
تۆ و کەرکووکم پێکەوە خۆش ویست و
هەردووکتان بوون بە بەشێک لە بوونم!
بیست و حەوتی چواری هەشتای سەدەی ڕابردوو،
سەدەی دۆزەخ و سەدەی ئەنفال و سەدەی مەرگی جوانییەکان!
زیندان منی قووتدا و.. مەراقیش تۆ!
ئەشکەنجە منی ئەنجنی و.. کۆچیش تۆ!
لە تاریکی ئەو ساڵەدا لە یەکتری ون بووین و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە ڕۆشنایی ڕاپەڕیندا یەکتریمان دۆزیوە!
سەرینێک لە پەڕی سیمرخی وەفا
سەری سەوداییمانی لە باوەش گرت و کردینی بە هاوسەر!
ئێستا، هەموو ڕۆژێک سەرسامترم دەکەی!
دەمخەیتە نێو ڕامانێکی زیوویترەوە!
لەو سۆزە سەرسام دەبم کە هیچ ئۆقیانووسێ نایگاتێ،
لەو نەرمییەی کە لەم سەدە جەنجاڵەدا دەوری دەروونی تۆی داوە!
لەو خۆشەویستییەی کە خەڵتانی ڕامانی کردووم!
لەو دڵسۆزییەی کە پڕە لە باران!
تۆ پیاوێکی لە ئاوریشم!
هەموو ساتێ خۆشترم دەوێی!
دەی چواری ئەمساڵ،
ساڵی ڕژانی جامی پڕبوو لە تاوان و
ساڵی لێوانلێوبوونی کاسەی مەراق و
ساڵی تژیبوونی تۆ لە تاسەی دووری کەرکووک!
دەی چواری ئەمساڵ، سەیری یەکتریمان کرد و تێر فرمێسکمان ڕژاند!
یادی عەشقی ئێمە و ئازادبوونی کەرکووک ئاوێزانی یەکتری بوون!
ئای عەشق لە سایەی ئازادیدا چەند درەوشاوەیە،
ئای چەندم تۆ و ئازادی خۆش دەوێ!
چ پەرجوویەک بوو ئەڤینی ئێمە و ئەڤینی ئازادی و کەرکووکی پێکەوە گرێدا!
چەند بەختەوەرم کە تۆم هەی!

2003/4/12
ستۆکهۆڵم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.